https://www.doi.org/10.31918/twejer.1812.5

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# کاریگەریی عیللەی زیادکردن لە سەرمۆسیقای تەفعیلەکانی عەرووز و زەربی دێڕی شیعری کلاسیکی کوردی

پ.د. نوزاد وەقاص سعید
زانکۆی سەلاحەدین- پەروەردە
Hiwa.aziz@su.edu.krd

م. هیوا نورالدین عزیز
زانکۆی سەلاحەدین- پەروەردەی مەخموور
Nawzad.saeed@su.edu.krd

## پوختە:

ئەم لێکۆڵینەوە بە ناونیشانی ( کاریگەریی عیللەی زیادکردن لە سەر مۆسیقای تەفعیلەکانی عەرووز و زەڕبی دێڕی شیعری کلاسیکی کوردی) یە، کە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا باس لە پوختەیەکی کورتی زانستی عەرووز کراوە، بە شێوەیەک باس لە ژمارەی تەفعیلەکان و بنەڕەتە عەرووزییەکان و ژمارەی بڕگە و ڕیزبوونی کورتی و درێژی بڕگەی تەفعیلە عەرووزییەکان کراوە، پاشان بە شێوەیەکی گشتی باس لە زیحاف و عیللەکان کراوە و بە تایبەتیش باس لە کاریگەریی هەرسێ عیللەی زیادکردن (تەسبیغ، تەرفیل، ئیزالە) کراوە. پاشان بە بەکارهێنانی بەرنامەی کۆمپیوتەری ( prat ) بۆ پێوانەکردنی دەنگ توانراوە بە شێوەیەکی زانستی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلەکان و وێنەی سەرجەم بنەڕەتەکان و بەرزی و نزمی شەپۆلی دەنگی تەفعیلەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بگیرێت. لە بەشی دووەمدا باس لە کاریگەری هەرسێ عیللەی زیادکردن ( تەسبیغ ، تەرفیل ، ئیزالە) لە سەر ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکان و کاریگەرییان لە سەر بەرزی و نزمی شەپۆڵە دەنگییەکانیان و خاوکردنەوەی ڕیتم و مۆسیقای تەفعیلەکان کراوە.



**وشە کلیلییەکان:** گۆڕانە عەرووزییەکان، زیحاف، عیللە، عەرووز، زەڕب.

# کاریگەریی عیللەی زیادکردن لە سەرمۆسیقای تەفعیلەکانی عەرووز و زەڕبی دێڕی شیعری کلاسیکی کوردی

**پێشەکی:**

زیحاف و عیللەی شیعری کلاسیکی کوردی کۆمەڵێک گۆڕانکاریین دەچنە سەر تەفعیلە عەرووزییەکان و دەبنە هۆی گۆڕان لە ماوەی کات خایاندن و بەرزی و نزمی شەپۆڵە دەنگییە پێکهێنەرەکانیان، زیحاف و عیللە چەند جۆرێکن بەڵام ئەوەی مەبەستە لەم لێکۆڵینەوەیە دا عیللەی زیادکردنە. لە شیعری کلاسیکی کوردیدا مەگەر بە دەگمەن نەبێت تەنیا سێ عیللەی زیادکردن بەکاردێت، ئەوانیش ( تەسبیغ، ئیزالە، تەرفیل)ن، ئەم لێکۆڵینەوەیە **بە ناونیشانی** ( کاریگەریی عیللەی زیادکردن لە سەر مۆسیقای تەفعیلەکانی عەرووز و زەڕبی دێڕی شیعری کلاسیکی کوردی) یە، لێکۆڵینەوەکە لە سەر بنەمای (١٠) جۆر خوێندنەوەی جیاواز لە لایەن (١٠) کەسی جیاوازەوە و ئامادەکرنی خوێندنەوە جیاوازەکان بە شێوەی (١٠) مەلەفی دەنگی کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە و پێوانەکردنیان بە بەرنامەی (Prat )کە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەرییە بۆ پێوانەکردنی دەنگ و وێنەی شەپۆڵە دەنگییەکان و چڕیی و بەرزی و نزمی شەپۆڵە دەنگییەکان .

**پلانی لێکۆڵینەوە:** ئەم لێکۆڵینەوە لە دووبەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا باس لە پوختەیەکی کورتی زانستی عەرووز کراوە، لەگەڵ ژمارەی تەفعیلەکان و بنەڕەتەکانیان و وێنەی شەپۆڵە دەنگییەکانی تەفعیلە عەرووزییەکان و بنەڕەتە عەرووزییەکان و چۆنییەتی

کارکردنی هەرسێ عیللەکە (تەسبیغ، ئیزالە، تەرفیل) لە سەر پێکهاتەی تەفعیلەکان، لە بەشی دووەمدا بە شێوەیەکی ورد باس لە کاریگەریی عیللەکان لە سەر مۆسیقای تەفعیلەکان کراوە لە عەرووز و زەڕبی دێڕی شیعری کلاسیکی کوردیدا.

**سنووری لێکۆڵینەوە:** ئەو تەفعیلە عەرووزییانەیە کە دەکەونە عەرووز و زەڕبی دێڕی شیعری کلاسیکی کوردی و عیللەکانی زیادکردن وەردەگرن، جگە لە مانەش هەردوو تەفعیلەی ( متفاعلن ، مفاعلتن) لەبەر ئەوەی (مفاعلتن) لە عەرووزی کوردیدا بە کارنەهاتووە و (متفاعلن)یش لە کێشی(کامیل)دا لە کێشە کەم بەکارهاتووەکانن، بۆیە پشتگوێ خراون.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە:** وەسفی شیکارییە.

**گرفتی لێکۆڵینەوە:** نەبوونی هیچ سەرچاوەیەک بوو لە ئەدەبی کوردیدا کە باس لە پێوانەکردنی تەفعیلە عەرووزییەکان و ماوەی کات خایاندنیان بکات.

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:** دەرخستنی کاریگەریی عیللەی زیادکردنە لە سەر مۆسیقای تەفعیلەکانی عەرووز و زەڕبی دێڕی شیعری کلاسیکی کوردیدا.

**ئەنجامی لێکۆڵینەوە:** لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێک خراونەتە ڕوو.

**بەشی یەکەم:  کورتەیەکی پێویست دەربارەی زانستی عەرووز**

**(تەفعیلە )عەرووزییەکان** :

سەبارەت بە ژمارەی تەفعیلە عەرووزییەکان زۆربەی سەرچاوە عەرەبییەکان بە هەشت تەفعیلەی دا دەنێن، کە ئەمانەن ( فَعولُنْ ، فاْعِلُنْ ، مَفاْعيْلُنْ ، فاْعِلاْتُنْ ، مُسْتَفْعِلُنْ ، مَفاْعَلَتُنْ ، مُتَفاْعِلُنْ ، مَفْعوْلاْتُ ) [التبريزى، ٢٠٠٤ : ١٥], بەڵام هەندێکیش ژمارەی تەفعیلەکان بە دە تەفعیلە دادەنێن (فعولن ، فاعلن ، مفاعيلن ، فاعلاتن ، مستفعلن ، فاع لاتن ، مستفع لن ، مفعولات ، مفاعلتن ، متفاعلن ) [ذياب شاهين، ٢٠٠٤:٢] . جیاوازییەکەش لەوەدایە کە ئەوانەی ژمارەی تەفعیلەکان بە هەشت دادەنێن هەردوو تەفعیلەی ( فاع لاتن ، مستفع لن ) لەگەڵ ( فاعلاتن ، مستفعلن ) بە یەک شت دا دەنێن، بەڵام ئەوانەی بە دە تەفعیلەی دادەنێن لایان وایە ( فاع لاتن ، مستفع لن ) دوو تەفعیلەی سەربەخۆن. بە بڕوای ئێمەش ژمارەی تەفعیلە عەرووزییەکان دە تەفعیلەیە، چونکە هەردوو تەفعیلەی (مستفعلن ، فاعلاتن ) جیاوازن لە ( مستفع لن ، فاع لاتن )، لە ڕیزبوونی بنەڕەتەکاندا و لە بازنەکانیشدا جیاوازن تەنیا لە ڕیزبوونی بڕگەدا وەکو یەکن .

**بنەڕەت و ژمارەی بڕگەی تەفعیلەکان** :

ژمارەی بڕگە و بنەڕەتە عەرووزییەکانی سەرجەم تەفعیلەکانی لەم لێکۆڵینەوەیە دا کاریان لە سەرکراوە بەم شێوەیە [گەردی،١٩٩٩ :١١١]

فاْعِلُنْ : پێکدێت لە سەبەبی سووک ( فاْ )،  وەتەدی کۆ (عِلُنْ ) .

فَعوْلُنْ : پێكدێت له وەتەدی كۆ ( فَعوْ )، سەبەبی سووك ( لُنْ ).

مَفاْعيْلُنْ : پێكدێت له وەتەدی كۆ ( مَفاْ )، سەبەبی سووك ( عيْ ) ، سەبەبی سووك (لُنْ ) .

فاْعِ لاْتُنْ : پێكدێت له وەتەدی بڵاو (فاْعِ )، سەبەبی سووك ( لاْ )، سەبەبی سووك ( تُنْ ) .


مُسْتَفْعِلُنْ : پێكدێت له سەبەبی سووك (مُسْ )، سەبەبی سووك(تَفْ)، وەتەدی كۆ(عِلُنْ ) .


مُسْتَفْعِ لُنْ : پێكدێت له سەبەبی سووك(مُسْ )، وەتەدی بڵاو( تَفْعِ )، سەبەبی سووك(لُنْ ) .

تەفعیلەكانی(متفاعلن، فاعلاتن) مەگەر بە دەگمەن نەبێت لە شیعری كلاسیكی كوردیدا بە موزالی و موسەببەغی بەكارنەهاتوون و هەروەها تەفعیلەی(مفاعلتن) لە عەرووزی كوردیدا بەكارنەهاتووە، بۆیە نەخراونەتە بەرنامەی كاری ئەم لێكۆڵینەوەیە.


وێنەی شەپۆڵی دەنگیی سەرجەم بنەڕەتە عەرووزییەكانی (تەفعیلەكان) بە تەواوی و بە موزاحیفەكانەوەش بەم شێوەیە،

**وێنەی شەپۆڵی دەنگیی سەبەبە سووکەکان:**








## وەتەدە کۆیەکان:






### وەتەدە بڵاوەکان:









**وێنەی شەپۆڵە دەنگییەکانی تەفعیلە عەرووزییەکان:**






دوای پێوانەکردنی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکان بە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری (Prat) و لە بەراوردکردنی ماوەی کات خایاندنەکە لە سەرجەم فایلە دەنگییەکاندا، ماوەی کات خایاندنیان بەم شێوەی خوارەوەیە:

فاعن= 0.67 ، فعولن= 0.70 ، مفاعیلن= 0.91 ، مستفعلن= 0.91

مستفع لن1.24 ، فاعلاتن= 0.93 ، فاع لاتن= 1.09 ، مفعولاتُ = 0.98

**زيحاف و عيلله :**

زيحاف و عيلله دوو جۆر گۆڕانی عەرووزین و دەچنە سەر تەفعیلە عەرووزییەکان و شێوەکانیان دەگۆڕن, ئینجا گۆڕانەکان لە سەبەبدا بێت یان لە وەتەدا .

عیللە: بریتییە لە ((دروستکردنی گۆڕانێک لە تەفعیلەی عەرووز و زەڕبدا، عیللە دەچێتە سەر سەبەب و وەتەدەکانیش، بە زیادکردن یان کەمکردنەوە، گۆڕانێکی پابەند کەریشە)) [هەردی، ٢٠٠٩ :٥٩]. عیللەکانیش وەکو زیحافەکان چەند جۆرێکن هەندێکیان زیادکردنن، هەندێکیشیان کەمکردنەوەن .

**عیللەی زیادکردن :**

لە زانستی عەرووزدا سێ جۆر عیللەی زیادکردن هەیە, کە ئەمانەن :

-یەکەم: تەرفیل(زیادکردنی سەبەبێکی سووکە بۆ وەتەدی کۆی کۆتایی تەفعیلە)،(فاْعِلُنْ ) دەبێتە (فاعلاْ تُنْ ) [التونجی ، ١٩٩٩ :٦٥٥]

دووەم:-(تەزییل) ئیزالە (زیادکردنی پیتێکی وەستاوە بۆ وەتەدی کۆی کۆتایی تەفعیلە ) ، (مُسْتَفْعِلُنْ ) دەبێتە ( مستفعلاْنْ ) [معروف: ١٣٨٩: ٢٨] .

سێیەم: تەسبیغ (زیادکردنی پیتێکی وەستاوە بۆ سەبەبی سووکی کۆتایی تەفعیلە )، (مفاعیلن ) دەبێتە (مَفاْعیْلاْنْ) [ التونجی ، ١٩٩٩ : ٦٥٥] .

زیحاف و عیللە وەکو یاسای عەرووزی، کار لە ڕیتم و مۆسیقای کێشە عەرووزییەکان دەکەن، ئینجا بە خاوکردنەوە یان بە خێراکردن بێت. هەر زیحاف و عیللەیەک کاری کەمکردنەوە بێت ڕیتم خێرا دەکات، چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکان، بەمەش دووبارە بوونەوەی تەفعیلەکان خێرا دەبێت، بەڵام لە زیادکردندا دەبێتە هۆی ئەوەی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلەکان درێژ بێتەوە، بەمەش ڕیتم و مۆسیقاکەی خاو دەبێتەوە[ عزیز :٢٠١٦ :٣٤ ] .

## بەشی دووەم: کاریگەریی عیللەی زیادکردن لە سەر مۆسیقای تەفعیلەکان


عیللەی زیادکردن بە هەر سێ جۆرەکەی کاریان زیادکردنی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکانە، هەریەکەیان بە ڕێژەیەک کار لە تەفعیلەکان دەکات و ڕیتمەکەی خاو دەکاتەوە، چونکە ماوەکەی درێژ دەکاتەوە بەمەش دووبارە بوونەوەی تەفعیلەکە خاو دەبێتەوە، چونکە کاتێکی زیاتر لە خۆی دەخایەنێت .

### یەکەم: تەسبیغ:

ئەم عیللەیە دەچێتە سەر تەفعیلەکانی (مفاعیلن، فعولن، فاعلاتن، فاع لاتن) ، تەسبیغ بە ڕێژەی جیاواز ماوەی کات خایاندن زیاد دەکات .


### مفاعیلن(0.91):

ئەم تەفعیلەیە کاتێک موسەببەغ دەکرێت بە ڕێژەی لە(8%) ی چرکەیەک ماوەی کات خایاندنەکەی زیاد دەبێت و دەبێتە (مفاعیلان)، جیاوازییەکە بەقەد جیاوازی نێوان (لن ، لان) دروست دەبێت، ئەویش گۆڕانی بڕگەی کۆتاییە بۆ بڕگەیەکی کەشیدە کە بەقەد نیوەی ماوەی کات خایاندنی بڕگەیەکی درێژە.





وەک لە وێنەکەدا دیارە جیاوازییەکە تەنیا لە بڕگەی کۆتاییدایە، جگە لەمەش گۆڕانەکە کار لە دەنگەکانی ناوەوەی تەفعیلەکە دەکات بە شێوەیەک لە سەرجەمی فایلەکاندا دەنگی / ی/ لە (مفاعیلان) دا لە (31%) ی چرکەیەک تێناپەڕێت، بەڵام لە (مفاعیلن) دا دەنگی / ی/

تاکو له (39%) ی چرکەیەک دەخایەنێت، ئەم حاڵەتەش لە سەرجەم تەفعیلەکاندا بەدی دەکرێت، کاتێک تەفعیلەکان بڕگەی کۆتاییان کەشیدە بکرێت درێژکردنەوەی دەنگی کۆتایی لەسەر حیسابی دەنگەکانی ناوەوەیە، بۆ نموونە جیاوازی نێوان دەنگی/ ی/ لە نێوان (مفاعیلن) ، (مفاعیلان) ی فایلی دووەم بەم شێوەیە:




جیاوازی چڕیی و بەرزی شەپۆڵە دەنگییەکانی هەردوو تەفعیلەکە بەم شێوەیە:



بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (مفاعیلن) بەر لە وەرگرتنی عیللەکە بریتییە لە (77.69db)، نزمترینیش بریتییە لە (66.34db)، دوای وەرگرتنی عیللەکە بەرزترین شەپۆڵی دەنگی دەبێتە (84.24db)، نزمترین شەپۆڵیش دەبێتە (62.33db)، جیاوازی نێوانیان بریتییە لە:


84.24db – 77.69db = (6.55 db) (بەرزترین)

66.34db – 62.33db = (4.01db ) (نزمترین)


کۆی گشتی جیاوازییەکە بریتییە لە (10.56db)[١]

**فعولن(0.70):**

ئەم تەفعیلەیە کاتێک موسەببەغ دەکرێت بە ڕێژەی (6%) ی چرکەیەک کاتەکەی زیاد دەبێت و برگەی کۆتاییش دەبێتە برگەیەکی کەشیدە، لەگەڵ دروست بوونی جیاوازی لە دەنگی/ و/ دا لە نێوان (فعولن ، فعولان) دا .




جگە لەمەش جیاوازی هەیە لە نێوان چڕی دەنگ و شەپۆڵە دەنگییەکانی هەردوو تەفعیلەکە.




بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (فعولن) بەر لە وەرگرتنی عیللەکە بریتییە لە (85.32db)، نزمترینیش بریتییە لە (64.07db)، دوای وەرگرتنی عیللەکە بەرزترین شەپۆڵی دەنگی دەبێتە(85.07db)، نزمترین شەپۆڵیش دەبێتە(58.91db)، جیاوازی نێوانیان بریتییە لە:


85.32db – 85.07db = (0.25db ) (بەرزترین)

64.07db – 58.91db = (5.16db ) (نزمترین)


کۆی گشتی جیاوازییەکە بریتییە لە (5.41db)

**فاع لاتن(1.09):**

ئەم تەفعیلەیە کاتێک موسەببەغ دەکرێت بە ڕێژەی (10%)ی چرکەیەک کاتەکەی زیاد دەبێت، ئاڕاستەی بڕگەکانی هەمان شێوەی (فاع لاتان) دەبێت، گۆڕان لە ماوەی کات خایاندنەکەی ڕوودەدات، ئەم جیاوازییەش لە سەرجەم فایلەکاندا بە ڕێژەی لە (5%) بۆ لە (8%) ە، جگە لەمەش بە هۆی گۆڕانەکەوە جیاوازی لە نێوان ماوەی کات خایاندنی وەستانەکان و دەنگەکانی ناوەوە دروست دەبێت.




وەک لە وێنەکەدا دیارە جیاوازی سەرەکی لە نێوان هەردوو تەفعیلەکە ماوەی کات خایاندنی هەردوو بنەڕەتی کۆتاییە، لەگەڵ جیاوازی لە نێوان چڕیی شەپۆڵە دەنگییەکانی هەردوو تەفعیلەکە بەم شێوەی خوارەوە:




بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (فاع لاتن) بەر لە وەرگرتنی عیللەکە بریتییە لە (86.64db)، نزمترینیش بریتییە لە (53.47db)، دوای وەرگرتنی عیللەکە بەرزترین شەپۆڵی دەنگی دەبێتە(87.43db)، نزمترین شەپۆڵیش دەبێتە( 54.07db)، جیاوازی نێوانیان بریتییە لە

87.43db – 86.64db = (0.79db ) (بەرزترین)

(نزمترین) ( 0.6db) = 53.47db – 54.07db


کۆی گشتی جیاوازییەکە بریتییە لە (1.39db)

**تەرفیل:**


لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تەنیا (مستفعلن) لە کێشی ڕەجەزدا و لە قاڵبی چواری بە شێوەی موڕەففەل بە کارهاتووە.

**مستفعلن(0.91):**

کاتێک (مستفعلن) موڕەففەل دەکرێت و دەبێتە (مستفعلاتن) ماوەی کات خایاندنەکەی بە ڕێژەی لە(22%) ی چرکەیەک زیاد دەبێت، ئەویش بەهۆی زیاد بوونی سەبەبی سووکی(تن) ە. بنەڕەتەکانی(مستفعلن) دەگۆڕێت بۆ( سەبەبی سووک، سەبەبی سووک، وەتەدی کۆ، سەبەبی سووک)، ئاڕاستەی بڕگەکانی دەگۆڕێت بۆ ( ← ← ↙ ↖ ← ) واتە لە سێ بنەڕەت و چوار بڕگە دەبێتە چوار بنەڕەت و پێنج بڕگە، بەم درێژکردنەوەیە ڕیتمی تەفعیلەکە خاو دەبێتەوە و دەبێتە درێژترین تەفعیلەی شیعری کلاسیکی کوردی .



جگە لە جیاوازی ماوەی کات خایاندنەکە شوێن و ماوەی وەستانەکانیش گۆڕانکارییان بە سەر دادێت، ئەم گۆڕانکارییانەش دەبێتە هۆی گۆڕان و خاو بوونەوەی ڕیتمی تەفعیلەکە و مۆسیقای قاڵبەکێشەکەی، لەگەڵ جیاوازی لە نێوان چڕیی و شەپۆڵە دەنگییەکان .




بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (مستفعلن) بەر لە وەرگرتنی عیللەکە بریتییە لە(78.24db)، نزمترینیش بریتییە لە (61.37db)، دوای

وەرگرتنی عیللەکە بەرزترین شەپۆلی دەنگی دەبێتە(88.42db)، نزمترین شەپۆلیش دەبێتە(50.19db)، جیاوازی نێوانیان بریتییە لە:

(بەرزترین) (10.18 db) = 78.24db – 88.42db

(نزمترین) ( 11.18db) = 50.19db – 61.37db


کۆی گشتی جیاوازییەکە بریتییە لە (21.36db)

**سێیەم : ئیزالە:**


لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تەفعیلەکانی (مستفعلن، فاعلن) بە شێوەی موزال بەکارهاتوون، بەهۆی گۆڕانەکەش هەروەک لە (تەسبیغ) دا نیشاندرا بڕگەی کۆتایی کەشیدە دەکرێت، دوای پێوانەکردن و بەراورکردنی لە سەرجەم فایلەکاندا دەرکەوت کە چۆن زیحافی خەبن بڕگەی درێژ کورت دەکاتەوە بۆ نیوەی کاتەکەی ئیزالەش بڕگەی درێژ بۆ نیوەی ماوەی کات خایاندنی بڕگە درێژەکە درێژدەکاتەوە، واتە بڕگە درێژەکە بۆ هێندە و نیوی خۆی درێژتر دەبێتەوە، وەک لە پێشدا ئاماژەی بۆ کرا هەموو درێژکردنەوەیەک ڕیتم و مۆسیقا خاو دەکاتەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەو درێژ کردنەوانەی بەهۆی (تەسبیغ و ئیزالە) وە بێت، گۆڕانکارییەکان دەکەونە کۆتایی دێر و لەتە دێرەکان و بڕگەکان کەشیدە دەکرێن مۆسیقایان خۆشتر دەبێت.


**مستفعلن(0.91):**

ئەم تەفعیلەیە کاتێک موزال دەکرێت بە ڕێژەی (8%) ی چرکە یەککاتەکەی زیاد دەبێت. ئاڕاستەی بڕگەکانی بەم شێوەیە دەگۆڕدرێت ( ⟵ ⟵ ↙ ↖ ).




وەک لە وێنەکەدا دیارە جگە لە ماوەی کات خایاندنی بڕگەی کۆتایی، گۆڕان لە ماوەی کات خایاندنی وەستانەکاندا ڕوویداوە، وەستانی دووەم لە (مستفعلن) ماوەکەی زیاترە لە وەستانی دووەم لە (مستفعلان) دا، ئەم جیاوازییانەش کە بەهۆی گۆڕانەکەوە دروست بووە دەبێتە هۆی جیاوازی لە ڕیتم و مۆسیقا و چرپی دەنگ و شەپۆلەکانی.






بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (مستفعلن) بەر لە وەرگرتنی عیللەکە بریتییە لە (78.24db)، نزمترینیش بریتییە لە (61.37db)، دوای وەرگرتنی عیللەکە بەرزترین شەپۆڵی دەنگی دەبێتە (90.42db)، نزمترین شەپۆڵیش دەبێتە (51.83db)، جیاوازی نێوانیان بریتییە لە:


90.42db – 78.24db = (12.18db ) (بەرزترین)

61.37db – 51.83db = (9.54db ) (نزمترین)


کۆی گشتی جیاوازییەکە بریتییە لە (21.72db)

**فاعلن(0.67):**

لە سەرجەم تەفعیلە عەروزییەکاندا تەفعیلەی (فاعلن) کورتترین ماوەی کات خایانی هەیە، کاتێک موزال دەکرێت بە ڕێژەی لە (8%) ی چرکەیەک کاتەکەی زیاد دەبێت و ئاڕاستەی بڕگەکانی بەم شێوەیە دەگۆڕێت ( ↖ ↙ ↖ ) ، ماوەی کات خایاندنی بڕگەی کۆتایی بەهۆی گۆڕانەکەوە دەبێتە هێندە و نیوی خۆی .




جگە لە درێژبوونەوەی ماوەی کات خایاندنی بڕگەی کۆتایی، وەک لەهێڵی چڕیی دەنگەکەوە دیارە، جیاوازیش هەیە لە نێوان هەردوو وەستانی یەکەم، وەستانی یەکەم لە(فاعلن) دا زیاترە لە وەستانی یەکەم لە(فاعلان) دا. ئەم جیاوازییانەش دەبێتە هۆی دروست بوونی جیاوازی لە ڕیتم و مۆسیقا و چڕیی دەنگ و شەپۆلە دەنگییەکانی.




بەرزترین شەپۆلی دەنگی (فاعلن) بەر لە وەرگرتنی عیللەکە بریتییە لە (87.13db)، نزمترینیش بریتییە لە (67.53db)، دوای

وەرگرتنی عیللەکە بەرزترین شەپۆڵی دەنگی دەبێتە (85.09db)، نزمترین شەپۆڵیش دەبێتە (68.35db)، جیاوازی نێوانیان بریتییە لە:

( بەرزترین) (1.99 db) = 85.09db – 87.08db

(نزمترین) ( 0.82db ) = 67.53db – 68.35db

کۆی گشتی جیاوازییەکە بریتییە لە (2.81db)

**ئەنجام:**

❋ لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە شێوەیەکی زانستی و بە بەرنامەی (PRAT) وێنەی بنەڕەتەکان و تەفعیلە عەرووزییەکان گیراوە کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا شتێکی تازەیە و بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی لە بەردەست دایە هیچ شتێکی لە بارەوە نەکراوە.

❋ سەرجەم ئەو تەفعیلانەی کە عیللەی (تەسبیغ و ئیزالە) وەردەگرن، بڕگەی کۆتاییان دەبێتە بڕگەیەکی کەشیدە تەنیا (مستفعلن) نەبێت لە مورەففەلدا لە وەتەدی کۆ دەبێتە سەبەبی سووک .

❋ دوای وەرگرتنی عیللەکان و گۆڕانی ڕیزبوونی بنەڕەتی تەفعیلەکان، گۆڕان لە ماوەی کات خایاندنی سەرجەم دەنگەکانی ناوەوەی تەفعیلەکان ڕوودەدات.

❋ کاریگەری عیللەکان لەسەر زیاد بوونی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلەکان بەم شێوەیە: تەسبیغ[ (مفاعیلن 8% ) (فعولن 6% ) ( فاع لاتن 10% )] ماوەکەیان زیاد دەبێت.

تەرفیل ( مستفعلن 22% ) ماوەکەی زیاد دەبێت.

ئیزالە [( مستفعلن 8% ) ، (فاعلن 8% )] ماوەکەیان زیاد دەبێت.

* بەهۆی عیللەکانەوە (db ) واتە بەرزی و نزمی شەپۆلی دەنگی سەرجەم تەفعیلەکان گۆڕانی بە سەردا دێت.

* هەرسێ عیللەی زیادکردن دەبنە هۆی زیاد بوونی ماوەی کات خایاندنی دێڕی شیعر بەمەش ڕیتم و مۆسیقای دێڕی شیعر خاو دەکەنەوە .

**پەراوێز:**

١- گۆڕان لە ژمارەی (db ) دا هیچ پەیوەندی بە ماوەی کات خایاندنی تەفعیلەکەوە نییە بۆیە لە کاتی وەرگرتنی عیللەکە دا مەرج نییە ژمارەکە تەنیا زیاد بوون بێت ، دەکرێت بە پێچەوانەوە کەم بێتەوە، چونکە (db ) پەیوەندی بە بەرزی و نزمی شەپۆلی دەنگی قسەکەرەوە هەیە .

**لیستی سەرچاوەکان:**

**کتێب بە زمانی کوردی:**

- عزیز(هیوا نورالدین) ٢٠١٦ ز، عەرووزناسیی شیعری کلاسیکی کوردی، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران.
- گەردی (عزیز عبدالله) ،١٩٩٩ ز، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.
- هەردی (ئەحمەد)، ٢٠٠٩ ز، عەرووز لەشیعری کوردیدا، سلێمانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

**کتێب بە زمانی عەرەبی:**

- التبریزی (خطیب) ،٢٠٠٤ م، الكافي في العروض والقوافی، شرح وتعلیق د. محمد احمد قاسم ، بیروت، مكتبة العصرية.
- معروف (الدكتور یحیی)، ١٣٨٩ه، العروض العربي البسيط، چاپ پنچم، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.

**فەرهەنگ بەزمانی عەرەبی:**

- التونجی (د.محمد) ، ١٩٩٩م، المعجم المفصل في الادب، بیروت، الطبعة الثالثة، الجزء الثانی، دار الكتب العلمية.

**چاوپێکەوتنەکان و تۆمارە دەنگییەکان:**

- باڵەکی (د.یادگار رەسول) :فایلی سێیەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن ١٨-/ ٥ – ٢٠١٧ : شوێن: سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران: کات (٠٠: ١١) ی بەیانی.

- حەسەن(م. محمد ئەحمەد ) :فایلی حەوتەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن٢٧-/ ٩-/ ٢٠١٧ : شوێن کتێبخانەی ناوبراو: کات (٠٠: ٤ ) ی دوای نیوەڕۆ.
- سەعید (د.نەوزاد وەقاص) :فایلی یەکەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن ١٠ /٥ / ٢٠١٧ شوێن: کۆلێژی پەرەوەردەی زانکۆی سەلاحەدین : کات ( ١٠ :٩) ی بەیانی.
- شوکر(م. مقداد محمد):فایلی چوارەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن٩ /-٩/-٢٠١٧ ، شوێن: کۆلێژی پەروەردە ی زانکۆی سەلاحەدین : کات (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ.
- عزیز(م. هیوا نورالدین) :فایلی شەشەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن ٦ / ٦ /٢٠١٧ ،شوێن: کتێبخانەی تایبەتی ماڵەوە : کات(٠٠ : ٨) ی شەو .
- عزیز(هاوکار نورالدین) : فایلی نۆیەم:ڕێکەوتی تۆمارکردن ٢٨ / ٩ /٢٠١٧ ، شوێن: کتێبخانەی تایبەتی ماڵەوە : کات ( ٠٠ :٩ ) ی شەو
- عومەر(م. محمود عبدالمجید) : فایلی هەشتەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن ١١ /٥ / ٢٠١٧ ، شوێن: کتێبخانەی گشتی زانکۆی سەلاحەدین : کات (٣٠: ١٠ ) بەیانی.
- کەمال (د. دیار عەلی): فایلی پێنجەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن ٢٧ / ٩-/ ٢٠١٧ ، شوێن: کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین : کات (٩:٠٠ ) ی بەیانی .
- گەردی (د. سەردار ئەحمەد) :فایلی دووەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن ٩/ -٥ /٢٠١٧ ، شوێن: کۆلێژی پەروەردە: کات (١١:٣٠) ی بەیانی.

- موسا (م. ئالاء حەسەن): فایلی دەیەم :ڕێکەوتی تۆمارکردن ٢٨ /٩ / ٢٠١٧ ، شوێن: کتێبخانەی تایبەتیماڵەوە : کات ( ٨ : ٠٠ ) ی شەو.


**ملخص**

يتكون هذا البحث المعنون ب (تأثيرعلة الزيادة علي موسيقى التفعيلات العروضية في عروض و ضرب البيت الشعرى الكلاسيكى ) من مقدمة و فصلان واهم نتائج البحث.

تضمن الفصل الاول التعريف بعلم العروض مع بيان عدد التفعيلات والمقاتع الواردة في النص الشعرى من حيث الطول والقصر ، القاء الضوء على العلل بصورة عامة (التسبيغ، الترفيل، الازالة ) وتأثيرها علي النص الشعرى بصورة الخاصة. فاعتمدالبحث في دراسته التطبيقية التحليلية لقياس الموجات الصوتية والمدة الزمنية المستغرقة لنطق التفعيلات و بيان المستويات الصوتية من حيثُ ارتفاع النغمة وانخفاضها وصورة التفعيلات العروضية معتمداًعلى برنامج ( prat ) الكومبيوترية.

اما الفصل الثانى نركزعلى اظهار تأثير العلل المتضمنة ل(التسبيغ، الترفيل، الازالة) على (عروض ، ضرب) البيت الشعرى الكلاسيكي ، ويزداد على ذلك تأثيرها على ارتفاع وانخفاض الموجات الصوتية مع ابطاء ايقاع التفعيلات .

**ABSTRACT**

This reserch entitled " illa influence on actiuated music weight and classic poem" consis of two sections apart from in troduction and conclusion .

The first section talks about number of activator and syllables and other topics . Here prat program is used , the second section deals with effech of all the three addition illas on period of weight activators.